تیکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# ئازاد کرانی ١٥ سەربازی ئینگلیسی و چەند قسەیێک

رۆژی چوار شەممە ١٥ی خاکەلێوە، ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری رژیمی ئاخوندی لە نمایشێکی گاڵتەجاریدا ئازادی پانزدە سەربازە ئینگلیسیەکەی کە رۆژی هەینی ٣ی خاکەلێوە لەلایەن پاسدارەکانی هێزی دەریایی رژیمەوە گیرابوون ڕاگەیاند و رۆژی پێنج شەممە هەر پانزدە سەربازە ئینگلیسیەکە گەرانەوە ئینگلیستان. گرتنی پانزدە سەربازی هێزی دەریایی بریتانیا لەلایەن پاسدارەکانی رژیمی ئاخوندیەوە و ١٢ رۆژ زیندانی کردنیان و دوای ئازاد کردنیشیان سەرەکی ترین هەواڵ و ڕاپۆرتی، ڕاگەێنە جیهانیەکان بوو وە لە دوای کێشەی ئەتۆمی رژیمی ئاخوندی، کێشەی گیرانی پانزە سەربازەکە بووە هۆی ئاڵۆزی و ڕاوێژی جیهانی و یەك دەنگێکی نێودەوڵەتی لە سەر رێکخرا و بە تێکڕای دەوڵەت و ناوەندە جیهانیەکان چ بە شێوەی ئاشکرا و چ لە پشتی پەردەوە داوایان لە رژیمی ئاخوندی کرد بە پەلە و دەست بە جێ. سەربازە ئینگلیسیەکان ئازاد بکا و زۆربەی دەوڵەتان ئەو کردەوەی رژیمی ئاخوندیان مەحکوم کرد.

رەنگە بەم زوانە تەواوی وردەکاریەکانی ئەو روداوەو هۆی ناچار بوونی دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی ئێران بە ئازاد کردنیان نەزاندرێ بەڵام لە دوای ماوەیێکی دیکە ئەوە ئاشکرا دەبێ کە ئایا رژیمی ئاخوندی لە ژێر فشار و زۆر هێنانی ئینگلیستان و وەڵاتانی دیکە ناچار بووە سەربازەکان ئازاد بکا، یان وەك ئەوەی رژیم ئیدەعا دەکا، دەوڵەتی ئینگلستان، بەڵێنی داوە کە ئیتر سنوورەکانی ئێران نەبەزێنێو لە دوای ئەو بەڵێنی دانەی ئینگلستان، سەربازەکانی ئازاد کراون، هەر چەند تونی بلێر سەرەك وەزیری ئینگلیستان بە توندی ئەوەی بەرپەرچ دایەوە کە ووت وێژ لەگەڵ رژیم کرابێ و بەڵێنی بە رژیم درابێ کە ئیتر سنوورەکانی ئێرانی نەبەزێندرێ.

ئەوە ئاشکرایە رژیمی ئاخوندی گرتنی سەربازەکانی ئینگلستانی بۆ مەبستی سیاسی و بۆ وەدەست هێنانی هێندێك ئیمتیاز لە ئینگلستان و کۆمەڵگەی جیهانی بە کار دەهێنا و ئەگەریش سەربازەکانی ئینگلستان میترێك یا چەند میترێك چووبنە ناو ئاوی ئێرانەوە کە فەرماندەیی هێزەکانی ئینگلستان، هەر نەوعە سنوور بەزاندنێکی رەد کردوەتەوە، سەربازە ئازاد کراوەکانیش لە کونفرانسێکی چاپەمەنیدا رایانگەیاند بە زۆر و فشار ناچار کراون بڵێن سنووری ئێرانیان بەزاندووە. تەنانەت ئەگەر سنوور بەزاندیش لە ئارادا بووبێ، بەوجۆرە ئەو رووداوە بۆ ئەوە نەدەبوو رژیم ئەوندەی گەورە بکاتەوە، ئەگەر سەرانی رژیم مەبەستێکی تایبەتیان نەبووبێ، دەکرا لە دوای ئاگادار کردنەوەیێکی دەوڵەتی ئینگلستان و لێپرسینەوەیێکی سەرەتایی لە سەربازەکانی ئینگلستان لە یەکەم ساتەکاندا سەربازەکان ئازاد بکا.

وەك هەواڵدەریە جیهانیەکان بڵاویان کردەوە، دەسەڵاتدارانی رژیم مەبەستیان بووە، سەربازە ئینگلیسیەکان بەو پێنج پاسدارانەی رژیمی ئاخوندی کە لە هەولێر لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاییەوە گیران، بگۆرێتەوە. کە ئەگەر لە بنەڕەتیشدا مەبەستی دەسەڵاتدارانی رژیم ئەوە بووبێ ئەو راستیە جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە کە ئەگەر ئاخوندەکان لە بارمتەگری و کرداری ترۆریستی سەردەرچوییان هەیە بەڵام لە لێکدانەوەکاندا، بە بەردەوامی تووشی هەڵە هاتوون و زۆر نەزانانە هەڵس و کەوتیان کردووە.

یەکێکی دیکە لە هەڵەکانی و نەزانکاریەکانی ئاخوندەکان لەو پێوەندیەدا، ئەوەیە کە پێ یان وابوو بە گرتنی ١٥ سەربازی ئینگلیسی دەتوانن فشار بخەنە سەر کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەت ئینگلستان و بەوکردەوەیان کارێك بکەن هەڵوێستی شورای ئەمنیەت لە سەر گەڵاڵە مەترسیدارە ئەتومیەکانیان بگۆرن و بە شێوەیێك مەعامەلە و سازانێکی لێ بکەوێتەوە کە بە قازانجی رژیم تەواو بێ.

بەڵام وەك لە سەرەتادا دەرکەوت و لە ئاکامیشدا زیاتر ئاشکرا بوو، گرتنی ١٥ سەربازی ئینگلیسی، وەك سەرچاوەیێکی دیکە بوو، بۆ ناسینی سیاسەتی دزێوی ئاخوندەکان لەلای جیهانیان و حکومەتە خاوەن هێزەکان و ئێستا کۆمەڵگەی جیهانی زیاتر لە ڕابردوو هەست بە مەترسیداری رژیمی ئاخوندی دەکەن و تەنانەت وولاتانی دراوسێی ئێران و وەڵاتانی عەرەبی لە ناوچەکە. لە هەڕەشەکانی ئاخوندان و پیلان گێریەکانی نیگەرانن و گرتنی ١٥ سەربازی ئینگلستانی بە هەڕەشەیێك بۆ سەر خۆیان دەزانن.

لەلایێکی دیکەوە، دەبێ ئەو سیناریوسازی و گاڵتەجاریەی ئاخوندەکان، بە نیشان دانی سەربازە ئینگلیسیەکان لە تلویزیون و بەناو ئیتعراف کردنیان بە سنوور بەزاندنی ئێران و هەر وەك کردەوەکانی ترۆریستیان کە بارمتەکانیان نیشان خەڵك دەدەن و هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکەن، بەرانبەر بکەین. دەردەکەوێ ترۆریستەکان کە فیلم لە بارمتەکانیان هەڵ دەگرن و دەیهێننە سەر تلویزیون، بەرێنوێنی رژیمی ئاخوندی کردوویانە و چۆن ئاخوندان لە هەمووبارەکانەوە کۆمەگ و یارمەتیان دەدەنێ، لەو پێوەندیەشدا رێنوێنیان دەکەن و رێ و شوێنیان بۆ دیاری دەکەن.

گرتنی سەربازەکانی ئینگلستان ئەگەر بە بیانوی ئەوەی سنووری ئاویی ئێرانیان بەزاندووە، بە شێوەیێك بە مافی رژیمی ئاخوندی بزاندرێ. کە ئەویش وەك پێشتر دەستنیشانمان کرد، پێویست نەبوو بەو شێوەیە شانۆسازی بۆ بکرێ و دەبوو بە زوویی ئازاد بکرانایە. لەگەڵ ئەوەشدا رژیمی ئاخوندی بە پێی قانوونە جیهانیەکان و تێکڕای ئوسووڵەکان، مافی ئەوەی نەبوو، بیانهێننە سەر تلویزیون و بە هەڕەشە کردن لێ یان، ئەوەی ئاخوندان گەرەکیانە پێ یان بنووسرێ و بگوترێ. ئەو رەفتارانەی رژیم لەگەڵ ئەوەی کردەوەیێکی دزێوە و مەحکومە لەگەڵ هیچ بەرنامەیێکی ئیسلامی و مرۆڤایەتی نایەتەوە و، تەنیا لە ئاخوندە ملهوڕە دیکتاتورەکان دەوەشێتەوە کە لە ماوەی دەسەڵاتداریان هەر بەوشێوە، کەسایەتیە سیاسیەکان و رۆڵە ئازادیخوازەکانیان هێناوەتە سەر تلویزیون و بە زۆر ئیعترافیان پێ کردوون.

لەگەڵ نەزانکاری و خراپکاری دەسەڵاتداری ئاخوندان و سیاسەتەتێکدەرانەیان لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتداریان. بێ گومان، گرتنی ١٥ سەربازی ئینگلستانیش لەگەڵ ئەوەی وەك یەکێك لە هەڵوێست و کردەوە، دزێوەکانی ئاخوندانە، لە هەمان کاتدا، سەرچاوەیێکی دیار و بەڵگەیێکی حاشا هەڵ نەگرە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی تا هەڵوێست و سیاسەتەکانی داهاتوویان لەگەڵ ئاخوندەکان پێ تەنزیم بکەن و تەنانەت رێ خۆش کەرێکی بە هێز دەبێ بۆ ئەوەی، بە کردەوەی جیددی و کاریگەر لە بەرانبەر سیاسەتە پاوانخوازی و شەڕئەنگێزەکانی رژیمی ئاخوندی بۆ یستنەوە.

بێ گومان، گرتنی پانزە سەربازی ئینگلیسی لەلایەن رژیمی ئاخوندیەوە و دوایەش ئازاد کردنیان و بە چاوپێکەوتنی ئەحمەدی نژاد، نەك بەقازانجی رژیم و سیاسەتە دزێوەکانی تەواو نەبوەو نابێ بەڵکوو رژیمی زیاتر بێ رسوا بوو، گومانیش نیە، لە داهاتوودا ئاکامی زیاتری دۆڕاویی دەسەڵاتی ئاخوندان لەو سیناریوی و شانۆ مەسخەرە و گاڵتەجاریە دەردەکەوێ.



# ناڕەزایەتی لەسەر گرتنی ژنی هەڵسووڕاوی بواری ئافرەتان




زیاتر لە هەزار هەڵسوراوی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی سیاسی، فەرهەنگی و دانشجویی بە بڵاوکردنەوەی نامەیەك، گرتنی دووتێکۆشەری جوڵانەوەی ژنانانیان مەحکوم کرد. لەو نامەدا هاتووە کە ئێمە ئیمزا گەرانی ئەو نامەیە لەگەڵ دەربڕینی نارەزایەتی خۆمان لە بەرانبەر رەفتاری ناعادیلانەو دژی مافی مرۆڤی رژیم سەبارەت بە هەڵسوراوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خوازیاری ئازادکردنی بەپەلەو بێ مەرجی ناهید کەشاوەرز و مەحبوبەی حوسێن زادە، دوو هەڵسوراوی سیاسین و ئێمە کەمپەینی یەك ملوێنین. نووسەرانی ئەو نامە لە درێژەدا گوتوویانە: کە بە تێ پەرینی زیاتر لە ٧مانگ لە سەرەتای کاری کۆکردنەوەی یەك ملوینی ئیمزا بۆگۆرینی یاسایی جیاوازیدانان، چەند جار ئەندامانی ئەو کەمپەینە لەگەڵ رەفتاری توندرۆیانەی هێزە ئەمنیەتەکان بەرەو روون، ئەوە لە حالێکدایە کە هیچ موراجعێکی یاسایی بۆ گرتنی کەسانێك کە ئیمزا، کۆ دەکەنەوە، لەیاسایی ئیمەدا بوونی نەبووە و نیە. لە درێژەی ئەو نامەدا نوسراوە کە رەوتی گرتن و جۆری رەفتاری هێزە ئەمنیەتەکان سەبارەت بە رەفتاری مەدەنیانەی هەڵسوراوانی کەمپەینی یەك ملیونی ئیمزا، دەرخەری فشاری بەربڵاو وبەربەست گەلێکە کە سەبارەت بە تەواوی چالاکیە نارەزایەتیە یاساییەکان و ئاشتیخوازانە بەرێوە دەبرێ. ناهید کەشاوەرز و مەحبوبە حوسین زادە، دوو چالاکی خەباتی ژنان هاورێ لەگەڵ سێ کەس لە ئەندامانی کەمپەینی یەك ملیون ئیمزا لە نیوەی مانگی خاکە لیوەدا کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئیمزا بوون لە پارکی لالەی تاران گیران.ئەوانە بەر لەوەش لەگەڵ سێ هەلسوراوی دیکە داگیرابوون و بۆ بەندی ٢٠٩ ی زیندانی ئەوین و بەندی گشتی ژنان گوازرابوونەوە. ئەندامانی کەمپەینی یەك ملیون ئیمزایە بە دەربڕینی نارەزایەتی لە هەمبەر یاسایی دژە ژن لە رژیمی ئاخوندیدا و بۆ نەهێشتنی جیاوازبدانان لە هەموو یاساکانی رژیمدا، دەستیان کردوە بە کۆکردنەوەی ئیمزا. ئەوە لە حالێکدایە کە خانەوادەی ناهیدی کەشاوەرز و مەحبوبە حوسین زادە، دوهەڵسوراو لە نیوەی ئەم مانگە داگیران و لەگەڵ سوکایەتی هێزەکانی رژیم بەرەو رووبوونەوە. لێکۆلەرەوانی سیاسی بڕوایان وایە کە کۆکردنەوەی ئیمزا لە لایەن ئەو کەمپەینەوە ریفراندۆمێکە لە ئیران دا. کۆکردنەوەی ١ملیون ئیمزا لە زەمەنێکی کورت دا، نیشانەی دژایەتی تێکرای جەماوەری ئیرانە لەگەڵ رژیم. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کەمپەینە لەگەڵ بەربەست و محدودیەتی زۆر بەرەوروون و لێیان گیراوە و راویان دەنێن، بەڵام پشتیوانیان زۆرە و کۆمەڵگە پشتیوانی بەرینیان لێ دەکەن و دەیانهەوێ لە رێگەی ئەو کەمپەینەوە نەیاری خۆیان لەگەڵ رژیم دەربڕن و نا بۆ رژیم و یاساو دەسەڵاتی نامەشروعی بڵێنەوە.

# بڕیارنامەی نوێ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەگگرتووەکان لە دژی رژیمی ئاخوندی

لە دوای چەندین رۆژ ووت ویژو ئاڵ و گۆڕی بیرو بۆچوونەکان لە نیوان پازدە ئەندامی شورای ئەمنییەت، لە ئاکامدا لە روژی شەممە ٤ی خاکەلێوە، بڕیارنامەی نوێی ئەنجومەنی ئاسایش بە تێکڕای دەنگی نوێنەرانی و وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەن پەسەند کرا .

چەند رۆژ لە پێش دەنگ دان بە بڕیارنامەی نوێ،ئەحمەدی نژاد رایگەیاندبوو دەچێتە نیویورك تا لە نزیکەوە لە گەڵ نوێنەرانی وولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش قسە بکا .لە گەڵ ئەوەی ئەمریکا رەزامەندی خوی بە چوونی ئەحمەدی نژاد دەربرییبوو،ویزای دابووە خوی وهەیئەتی هاورێ ،بەڵام دەسەڵاتدارانی رژیم رایانگەیاندبوو ئەمریکابۆیە دانی ویزای دواخستووە تا ئەحمەدی نژاد نەچێتە نەتەوە یەگگرتووەکان

.هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو ،کە چوونی ئەحمەدی نژاد بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاردانەوەی لە سەرپەسەند نەکرانی بڕیارنامەی ١٧٤٧ نابێ وداوای ئەحمەدی نژاد لە مەر چوونی تەنیا خۆ نواندنێکی سیاسی بوو.هەرچەند ئەحمەدی نژاد گوتبووی ئامادەبوونی لەسازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێتە هوی ئەوە کە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش بکەونە بەرکاردانەوەی نوورو روناکیەکەی.

بەڵام بەوەی کە تێکرای دەسەڵاتداری ئاخوندی و ئەحمەدی نەژاد، هەستیان کردبوو چوونی بۆ رێکخراوی نەتەوەیەگرتووەکان، کاریگەری نابێ لەسەر پەسەندنەکرانی بڕیارنامەی نوێ، لە داوایان بۆ بەشداری کردن پاشگەز بوونەوە و تەنیا منوچێهر موتەکی وەزیری دەرەوەی رژیم لە کاتی ووت وێژەکان و دەنگ دان بڕیارنامەی نوێ ئامادە بوو.

هەرچەند ئەمریکا و فەرانسە و ئاڵمان داوایان کرد بوو بڕیارنامەیێکی توندتر لە دژی رژیم پەسەند بکرێ. بەڵام لە سەر داوای قەتەر و ئەندونیزی، ئاڵ و گۆڕ لە بڕیارنامەکەدا هاتە ئاراوە. کە سەرەڕای ئەو ئاڵ و گۆڕانە، دەبێ بڵەین بڕیارنامەی نوێ، خاڵی گرینگی تێدایە کە راشکاوانەیە، کە بەشێکیان بریتین لە،

١ـ قەدەغە بوونی ناردنی هەر نەوعە چەك و چۆلێکی ئێرانی بۆ وەڵاتانێك کە چەکی ئێرانی دەکرن.

٢ـ داوا لە تێکڕای وەڵاتان کراوە کە بە وریایی رێگە لە فرۆشتنی تانك و فرۆکە شەڕکەر و باقی چەك و چۆڵی قورس بۆ ئێران بگرن.

٣ـ دەست بە سەراگرتنی سەرمایەی ١٥ کەس و ١٣ شیرکەت و رێکخراوی ئێرانی.

٤ـ داوا لە ئێکڕای دەوڵەت و ناوەندەکانی پووڵی و ماڵی کراوە کە رێکەوتنی نوێ لە پێوەند بە هاوکاری ماڵی و یا قەرز ئیمزا نەکەن.

٥ـ داوا لە تێکڕای وەڵاتان کراوە بە لە بەرچاو گرتنی وریایی، رێگە لە هاتن و تێ پەڕینی کەسانێك کە سەرمایەکانیان دەستی بە سەردا گیراوە بگرن.

٦ـ داوا لە تێکڕای وەڵاتان کراوە کە ڕاپۆرتی خۆیان لە سەر هاتن و تێ پەڕینی هەر کام لەو کەسانە کە سەرمایەکانیان دەستی بە سەردا گیراوە، بدەنە کۆمیتەی چاودێری ئەنجومەنی ئاسایش کە چاودێری ئابلۆقەکانی سەر ڕژیمی ئاخوندی دەکا.

هەر وەها دامەزراوەی بەرهەم هێنانی تەقەمەنی و متالۆژی، ناوەندی لێکۆلینەوە و بەرهەم هێنانی سووتەمەنی ناوکەیی ئیسفەهان و ناوەندی فەننی ناوکەیی ئیسفەهان، پیشەسازی شیمیایی پارچین، ناوەندی لێکۆلینەوەی ناوکەیی کەرەج، بانکی سپە، دەستەی پیشەسازی سەنام، بە پێی بڕیارنامەی ١٧٤٧ کەوتوونەتە بەر ئابلۆقە.

بە دوای پەسەند کرانی بڕیارنامەی نوێ ئەنجومەنی ئاسایش، منوچێهر موتەکی جارێکی دیکە لە سەر سیاسەتی ڕابردووی ڕژیم پێی داگرتەوە و بە پێوەندی دانی ڕژیمی ئاخوندی بە جەماوەری ئێران، ڕایگەیاند لە حەستەم ترین و سەخت ترین ئابلۆقە ناتوانێ خەڵکی ئێران لە مافی رەوا و قانوونی بگێڕێتەوە.

گومان لەوە دا نیە، ئابلۆقە ئابووریەکان لە سەر وەزعی ئاڵۆز و دانەمەزراوی خەڵکی ئێران، کاردانەوەی زیانبارتری دەبێ و خەڵکی ئێران لەگەڵ هەژاری و برسیەتی و بێکاری زیاتر رووبەروو دەکاتەوە و ئاخوندە ستەمگەرەکان بەلایەنی ژیان و سەرمایەوە کێشەیان نابێ و دیارە ئەوەی دەسەڵاتدارانی ڕژیم بیری لێ ناکەنەوە جەماوەر و چارە نووسیانە.

ئاخوندەکان بە خۆ، بە زل زانی و بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بە سەر داهاتی نیشتمانی دا بمێنێ و سەرمایەکانیان زیاتر بکەن. خەڵکی ئێران لەگەڵ جەنگ و کێشەی بەردەوام رووبەروو دەکەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئەوەی پێ خۆش بوونی خۆی لە پەسەند کرانی بڕیانامەی ١٧٤٧ لە دژی ڕژیمی ئاخوندی رادەگەینێ، لە هەمان کاتیشدا بەوەی بڕیارنامەی نوێ، کێشەی خەڵکی ئێران زیاتر دەکا و بەرەو سەری دەبا نیگەرانی خۆی ڕادەگەینێ.

ئاشکرایە تەنیا بە رووخانی رژیمی ئاخوندی و جێگیر بوونی ئازادی خەڵکی ئێران لە دەرد و ئازار و مەینەتی رزگاریان دەبێ.